هەڵوەدا

# ئاگری عەشق

pishdari@hotmail.com
21/10/2006

دەزانم ڕۆژێ دەبی بەیارم
خۆشەویستەکەی شاری هاوشارم
دەزانی گیانە منیش وەکو تۆ
هەردەم گیرۆدەی دڵی زامدارم؟

ئاگری عەشقت گڕ دەبارێنێ
خۆزگە بەوکەسە کەدەیسوتێنێ
هەڵوەدا بۆ تۆ گەلێ شێواوە
بەڵام ناتوانێ قەت بیدرکێنێ.

دەزانی گیانە منیش وەکو تۆ
ئارامم نییە بۆ ئەوینی تۆ
بەڵام داخەکەم زۆر باش بزانە
منی هەڵوەدا قەت ناگەم بە تۆ.

ڕێگای ویساڵت بۆ من زۆر دوورە
هەرگیز دەرناچم من لەوسنوورە
گەیین بەئاوات گەلێک دیژوارە
سوتام بەجارێ توخوا بمبوورە.